چیرۆک



زایەر زەنگنە

# ڕیتوالی مێژوویی دێرینەکان

* جانەوەرە سەیرەکە گۆچانەکەی ئەدا بە زەوییەکەدا، لەپایینی هەموو پێکدادانێکی میانەی نوکی گۆچانەکە و کەڤرەکەدا ڕیتوالێکی سەیری ئەچڕی، چاوەکانیشی ڕەنگیان دەگۆڕا، سپێنەکەی وەک بەدەست ڕەنگ بکرێت ترنجی پێوە دەنیشت، دواتر تا دەهات تێرتر دەبۆوە و ڕەش دادەگەڕا، لەگەڵ خوێندنەوەی ڕیتوالەکەدا دەنگی پێکدادانەکەشی ئیقاعێکی ترسناکی لێوە هەڵدەستا، خوێندنەوەکەی دەبووە نەڕەیەکی سامناک چاوەکانیشی دەبوون بە گۆمی خوێن.. ڕەنگی زەوییەکەش لێڵ دەبوو، پێچی مێژوو چوون ئاوەژووکردنەوەی ئاوی ڕووبار دەکەوتە بەردەم پاشەکشەیەکی سەیر و بە پەلەپەلێکی چاوەڕوان نەکراو شەو دەگەڕایەوە و تاریکی دادەهات، تا دووبارە خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدەهاتەوە، پەڵە هەورەکان چوون قژ ڕنینەوەی دوێتەیەکی باوک کوژراو هەواریان ڕووە و باشوور تێک دەنایەوە، هەموو ئەم شتانە لە چرکەساتێکدا ڕوویان دەدا، بوونەوەرە ترسناکەکەش وەکو ئەوەی فێی لێ نیشتبێ دەیبۆڕاند، هاوارێک کە تا توخبەکانی دۆزەخ درێژ دەبوونەوە.. هێشووی ئەو بەردانەی لە سەردەمەکانی جەنگەوە بەکەوتنە خوارەوەیان لەژێر لێزمەی خومپارە و ڕەهێڵەی گوللەبارانداا شێوەیەکی ناقۆڵایان بەخشیبووە کەلاوەکە... بێ ئەوەی دەستێکیان بگاتێ خۆیان بیراز دەکردەوە، فوارەی خوێ لە زەوییەکە هەڵدەنیشت و بە درزی برینەکاندا هەڵدەکشایەوە، مێژووی دێرینەکان لە دۆزەخەوە

ئەتکایەوە بەسەرماندا دەتووت هەڵهێنانەوەی خەونێکی سامناکە ئێق ئەداتەوە بەسەر زەویدا. مێژووی خوێن و مێژووی جەنگ و قارەمانەکان لەبن هەنگڵی کاتەوە دەکەوتنە خوارێ و وەک هێلکە دەچوقان

بمبورە ناتوانم قسەکانت بۆ تەواو بکەم دەمەوێ لەم چارەنووسە دروست کراوە هەڵێم...

– بەڵام مەحاڵە ئەتۆ بە خۆت کلکی دەجاڵت گرتبوو تاببیتە خودان هەموو شتێ

* ئەمەیان هەرگیز ڕاست نەبوو، ئێمە بە شێوەیەکی سامناک ترساندیانین، تا بە خورتی بڕوا بەو دەزگایە بکەین بابمانی لە گۆڕ دەرئەهێنا و لە بەردەمماندا دەیهێنایەوە دوواندن.. ئێمە هەموو ئەوەمان بە چاوی خۆ دیت چۆن جەنگاوەرەکەیان لە دوای چەندین ساڵ بەجێمان لەژێر دارو پەردووی ئەو خانووەیەی بە سەریاندا رووخاند دەرهێنایەوە، ڕۆژێکی سامناک بوو مینا ڕۆژانی جەنگی براگوژی، پەرچەی سوڕاندنی ڕۆژ هێند سادەنییە مرۆ بتوانێ خۆی دەبەردا ڕابگرێت ئێمە زارەتەرەک بووین. دەمێ بەردەکان بەقەد دیوارە گلێنەکەدا هەڵدەقژانەوە و جێی خۆیان دەگرتەوە دەتووت گەڕاندنەوەی فلیمێکی سینەماییە بە ڕاستی من هەر لە فلیمدا شتی وام بەرچاو کەوتبوو.. من نازانم ئەو خوێنەی ساڵانێکی دوور و درێژ لەژێر لێزمەی باراندا شۆرابۆوە و هەتاو هیشکی کردبوونەوە چۆن وەک هەڵقوڵانی کانییەک بە شوێن زامەکانیدا هەڵدەقژان و لێوی زامەکانیان دێنایەوە یەک.. شەهیدێک کە تەنها بە شێوە لە مرۆڤ دەچوو لەنێو ناڵە ناڵی ڕووح دەرچوونی دواجاری و دەنگی تەقەدا هاوارێکی هێند سامناکی لێوە دەهات زندەقی مرۆی دەبرد،.. ئەو زیندوو دەبۆوە.

– دەکرا هەر ئەو دەمە کونجێکت گرتبا و لەسەر تەنووربانێکی بچووک بچووبایتایەتە خەڵوەتەوە و خۆت دەهەموو شتێ بێئاگا کردبا.

* تازە لەوە دەرچبو هەنگاوێ بزڤڕی.. حەزی پشکنین و ئەنجام زانینیش لەولاوە بووەستێ، وێڕای ئەوەی ئەمە یەکەم شەهید نەبوو کە لەو خەونە پڕ ئازارەوە ڕاچڵەکێتەوە.

– ئەمە هەمووی لەپای بانگەشە بوو بۆ ئەو سەروەرییەی کە تەنها دەسەڵات بە دێرینەکان ڕەوا دەبینێ..!؟

* ئەوان وایان بیر دەکردەوە کە ئەو نەمامەی بە دەستی خۆیان چاندبوویان هەموو گەڵایەکی خوێنکی دەسەر ڕژاوە..!! بەڵام هەموو تەرمەکان ئەمەیان قبوڵ نەدەکرد مەگەر ئەوانەی لە بنەچەوە جاش و خۆفرۆش بووبن و بۆ ئەو مەبەستە هاتبوونە دەرەوە .

– فریای سەربوردەی هەموویان ناکەوین.. هەرچی زووترە با ئەمیان کۆتایی پێ بێنین.

* دمێ تۆز و خۆڵی ئەوەندە ساڵەیان لێ تەکان وەک دەعبایەکی عاجباتی بە چەشنێکی ترسناک پێستی لەشی چرچ و لۆچ ببوون، وەک ئەوەی لە دۆزەخەوە بانگهێشت کرابێتەوە شوێنەواری سوتماک بە سەختی بەسەر سیمایدا جێمابوون، دەستەکانی بە جەستەیەوە نوسابوون، پێیەکانی لە دووی نەدەهاتن، بەڵام دەیتوانی لەچوار دەوری خۆ بروانێت و بە غەڵبە غەڵب چەند وشەیەک بدرکێنێ.

ناگەهان وەک زاری بگریت متەقی لێ برِا هەرچەندیش زێتری قسان دەکرد من زیاتر دەشڵەژام چونکە ئەم شێتە چوون دەیان لەو کەسانەی کەنوکە من لە شێتخانەیەکدا بەڕێوەبەرایەتیان دەکەم شێتێکی مەزن بوو ئەمیش وەک هەر کەسێکیان سەربوردە سەیر و سەمەرەکانی بەم جێگەیەی گەیاندبوو زۆریش نەبوو لە یەکێ لە بەندیخانەکانەوە بۆ ئێرەیان گوێستبۆوە پێ دەچوو مامەڵەیەکی ئێجگار توندیان دەگەڵ کردبێت، بەڵام بۆ وەی بیهێنمەوە قسان هەمان پرسیاری دەمەکانی لێپێچینەوەم لێ کردەوە.

– دەزانی تۆ بە شاردنەوەی ڕووفاتی شەهیدێکی نیشتمان پەروەر تۆمەتبار کراوی..؟؟ بێئەوەی ئارامییەکەی لە دەست بدات سەری بە ملدا شۆڕ کردبۆوە دەستی چەپی لەسەر ئەو مێزە دانابوو کە منی دەپشتەوە ڕۆنیشتبووم پێناچوو سەرنجەکانیشی ئاراستەی جێگەیەک کردبێ ئیتر وەک گوێ بە پەیڤەکانی من نەدات ئەو بەردەوام بوو

* لە قوماشێکی سپی خاجیان پێچابوو دەتووت بۆ حەشری دەبەن، بەواق وڕمانەوە لەو دەستەیەی دەڕوانی کە دەیان گواستەوە تا ئێرە ودواتریش من دڵنیابووم لەوەی کەسێکمان دەگواستەوە کە بەرپرسیارەتی دەئەستۆی مندا بوو، بە نسارەکەدا هەڵمان گەڕاند دواتر بە گوندە نیمچە خاپوورەکاندا تێپەڕین تا لەنزیکترین توخبەوە تێکەڵ بە ژاوەژاوی شار دەبووینەوە.. هێدی هێدی لە شتەکان دەگەیشت، وەهمە گەورەکانی سەردەمی شۆڕشی لا دەرەوینەوە، باسی کۆگای هەزار بە هەزار و تەلاری بەرز و کۆشکە بە ئاسماندا چووەکان کە بە درێژایی ڕێگا باسمان دەکرد تورەی کردبوو ئەو لەنێو بازنەی ترسێکی ئاڵۆزدا دەخولایەوە... ئەو دەمەی دەمانگواستەوە بێئەوەی لە شتێ بگات لێی پرسیم (بۆ کوێم دەبەن) پێم وت (بۆ شار، بۆ جێگەیەک کە چیتر خەونەکانت هەناسە ساردت نەکەن، دەتبەینە جێگەیەک کە ئیتر خەونەکان گەرمت بکەنەوە.. وتی (ئەو شارە دەسەر زەوییە) پێم وت (دەڵێی بڕوا بە چاوەکانت ناکەی ئەو جادووەی تۆی لە گۆڕ دەرهێنایەوە قەسر و کەنیشکیشت پێشکەش دەکات تا ئیتر لەنێو پێخەفە ئاورێشمیەکانەوە خەونە ڕەنگاڵیەکانت بە چەقەوانەیەک بەرجەستە بکرێت) – (وەک بەهەشت..؟) وتم (بە تەواوەتی

نەخێر لێرە دەبێت ئەو شتانەت خۆش بوێت، کە جاران ڕقت لێیان دەبۆوە، پێویستە بە ئارەزووی سەردارەکان بجولێیتەوە، زمانت هەڵەیەک نەکات خەڵکی وەئاگا بێنێتەوە)

(دەبێ لێرە بە ئاگابی کاتێ کچان وەک خەنجەرێک دەچەقنە لاکەلەت وانەزانی گەوهەرێک لە ناختدا شەوق ئەداتەوە)..!! لە کەناری شار ڕایگرتم دوو دڵ بوو لەوەی بچێت یان بگەڕێتەوە

– دەبوو هەموو تشتەکی بۆ باس بکەی..؟

* نەخێر.. تەنها ئەوانە نەبێت لەگەڵ سیاسەتی حیزبدا یەکیان دەگرتەوە.. بەلانەکی من خۆم پێ نەدەگیرا و زاریشم بە ئاواى درۆدا نەدەگەڕا بۆیە کە پرسی (ئەدی باوکم) وتم (چەند فرسەخێکە لاشەکەیمان جێهێلاوە مەگەر بۆنی ئەو کەلاکانەت نەکرد..؟ ئەو لەگەڵ چەندین پیرەمێردی هاوتەمەنی خۆی ڕۆژ تا ئێوارە بە کۆسارەکاندا هەڵدەقژان و بزنە ڕێگاکانیان تاقی دەکردەوە، بەدەم ڕێوە باسیان لە بیرەوەرییە شیرینەکانیان دەکرد مەخابن لە بۆسەی دەسەڵاتی شارەکەی تردا کوژران و تا ئێستاش هاولاتیبوونیان بۆ هیچکام لە شارەکان ڕوون نەبۆتەوە).. بۆڵەیەکی سامناکی لێوە هات نەمزانی بۆ چارە ڕەشی خۆی دەگری یان ژیانە پڕ لە درۆکەی ئێمە بەڵام، لەگەڵ هەر وەڵامێکدا یەکێ لە ڕەنگەکانی ئاوێزەی رووخساری دەردەپەڕی و سیمای لەنێو شەپۆلی ڕەنگەکاندا دادەچۆڕایەوە.. بە کورتی دەسەڵات و ژیان، پارە و ژیان، ژن و ژیان کۆشکی بەرز و باخی پڕ میوەجات زۆربەی ئەو قسانە بوون کە بۆم گێڕایەوە، دەترسا لەوەی بچێتە شارەوە، دەترسا ئەفسونەکانی دەجاڵ چەشنێ سیحری لێ بکەن غیرەتی گەڕانەوەی نەبێت.. خەریک بوو لەوە دەگەی پەنجەکانی لەگەڵ پەرداخێ مەیدا بەردەبنەوە و ئۆخژەنی سەرسینەی کیژۆڵەیەک ناخی بەتاڵ دەکەنەوە، هەستی گەرمبوونەوەی خەونەکانی وەک کردنەوەی نوشتەیەک بەتاڵ دەبوونەوە.. بریقە و باقی هەزاران گڵۆپی ناو شاریش نمایشێکی جوانی پرشنگی زیوینیان دەکرد.. بە درێژایی ئەو شەوە لەسەر تاتەشۆری قەراخ شارەکە ڕاکشابوو زەینی دەمیانەی جەنگ و ئارامی مەیخانە، هێرش و حەزی پاوان خوازیدا دەخولایەوە، کاتیش وەک ئاوزەنگی ئەسپێکی تیژ تێپەڕ لە ناخیدا قولپی ئەدا و خوێنێکی سوور ئەڕژایەوە... ئیتر بەو شێوە شەو ڕابوو، بەڵام کە سپێدە رووخسارەکانمانی پێکتر ئاشنا کرد من لە جێگەیەکدا وەک ئەوەی بە درێژایی ئەوشەوە خەونم دیتبێ لەسەر لاشانێکم پاڵ کەوتبووم.. کەچی ئەو ببوو بە داهۆڵ.